# ڕێ نەدەن درز بخرێتە نێو بەرەی گەل!

**سەلام عەبدوڵڵا**

لەم ساتەوەختە پڕ مەترسییەدا، تاقە یەك شت گرنگە بۆ پاراستنی دەسکەوتی خەڵکی کوردستان، ئەوەش بریتییە لەوەی ئاستی هوشیاریمان ئەوەند بەرز بێت، ڕێ بە هیچ بیانوو، فرتوفێڵ و بۆسەکانی وەڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا نەدەین، درز بخەنە نێو بەرەی خەڵکی کوردستان. بەداخەوە، دەستگیرکردنی چەند خۆپیشاندەرێك لە سلیمانی و ووتارەکەی ڕۆژنامەی برایەتی لە ٦/٣و بۆچوونەکانی بەرێز نێچیر بەرزانی و کاك فەلەك ئەدین کاکەیی، نموونەگەلێکن لە سەر نائاگایی بوون لە ماناو کارتێکردنەکانی ئەو هەڵویست و دەربڕینانە لە سەر هەڵویست، سوز بڕوای خەڵکی کوردستان. نەدەبوو نە خۆپیشاندەران لە سلیمانی زیندان بکرێن و نە ئەو جۆرە بۆچوونە ئاستنزم و پیفەڕانە لە ئۆرگانی پارتی بڵاوبکرێنەوە. بۆ؟

١- هەرگیز هیچ لە هەڵویست و نیاز و پلانەکانی توکیا ناگۆڕن.

٢- بەرخوردێکی دیپلۆماتی ساواکارییانەیە.

٣- دڵساردی و دووبەرەکی دەخاتە نێو بەرەی گەل کە زۆر هوشیارانە لە ئاستی بەرپرسیارییەتی لە گەڵ مەترسییەکانی تورکیا بەرخوردیان کرد.

٤- سووتاندنی ئاڵا کارێکی ڕەمزییە بۆ نیشاندانی ڕەتکردن ودەربڕینی نیازو ئامادەیی بەرخۆدانە لە بەرامبەر ئەو پیلانانە کە تورکیا خۆیی بۆ ئامادە کردووە. نەدەبوو بخزێنە ناو بۆسەی ڕاگەیاندنەکانی ماسمیدیای تورکیا.

ئەوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیا دەخاتە مەترسییەوە، سووتاندنی ئاڵای تورکیا نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئەو٠٠٠ ٤٠سەربازەیە کە بە تۆپ و فرۆکەو پلانەوە بەوپەڕی ئامادەباشییەوە، خۆیان بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان و دەستکەوتەکەیان ئامادە کردووە. ئاخر ئاڵاسووتاندن چییە لە ئاستی ئەو هێرشە زەبەلاحە؟ ئەوە حکومەت و ماسمیدیای تورکیا بوو کە بە هەموو شێوەیەك کاڵتەجاڕی، هەڕەشە، کوشتن، ئابلۆقە و دەیان پیلان لە دژی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیش خودی سەرکردایەتی پارتی کرد.

بۆیە، دەبێ بەراشکاوی بگوترێ کە برایەتی هەڵەیەکی کوشندەی کرد و دەبێ پەشیمانی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان رابگەیەنێت. ئەوانە گێرەشێوێن نین، بەڵکو کەسانی دڵسۆزو خۆشەویستن. لەبری ئەو سیاسەتانە، چێترە بانگەوازی خەڵکی تورکیا بکرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی جەنگ و داگیرکردن!

سەلام عەبدوڵا

٢٠٠٣/٣/٦

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت